ئەم چاوپێکەوتنە

لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەد (1919-2002)

کەمال شیرگەر ئامادەی کردووە

- بەڕێزت کێیە؟

- من تاکێکم لە بنەماڵەی جەلیزادەی کۆیێ. لە من بەپێشەوە ئەم چەند پشتە جەلیزادە بوون. باوکم محەمەد (مەلای گەورە) کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای هاوڕێی حاجی قادر کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای «واثق بالله» کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی کاکی جەلی (دەوری 1220 ک لەسەر داخوازیی عەبدوڕەحمان پاشای بابان هاتۆتە کۆیێ) کوڕی مەلا عەبدوڵلای کاکی جەلی؛ ئەمەیان پێی ناگوترێ جەلیزادە چونکە زادەی «جەلی» نەبووە. لە شیواشانی سەربە قەزای ڕانیە هاتۆتە دنیا و گوێستوویەتیەوە بۆ جەلی.

سەرەتای ژیانم لە ئەیلوولی ساڵی 1919 دەست پێ دەکات. لە 1926 دەستم کرد بە خوێندن لە فێرگەی سەرەتاییی کۆیێ. دوای خوێندنی سەرەتایی و سانەویم دوو جاران لەبەر هۆی جودا خوێندنم پچڕا و بە تێکڕایی چوار ساڵم بە خۆڕایی دۆڕاند. لە 1945 شەهادەی حقوقم وەرگرت. بۆم نەلوا خوێندن لە دەرەوە تەواو بکەم.

بێ ئەوەی بتوانم لێرەدا درێژە بە قسەم بدەم ئەوەندە دەڵێم من تا ئێستاکەش بە ئیستیلاح خۆم نەدۆزیوەتەوە: خولیام بەسەر هەموو جیهاندا بڵاوە و ئۆقرە بە جۆرێک و دوو جۆر و دە جۆری ڕۆشنبیری و خەریکییەوە ناگرم. تاکە خولیایەکی بە درێژایی تەمەنی هۆشکرانەوەم، بێ گۆڕان و کەموکووڕی لەگەڵمدا ژیابێ، هەستی قەومایەتی بووە.

بیروباوەڕم لە ئاست ڕاستییە بنجی و زلەکانی جیهاندا هەر چۆنێک بووبێت، چالاکیی ماددی و هۆشەکیم بۆ کوردایەتی بووە. تەنها لە کوردایەتی ڕێ دەدەم و دان بەوەدا دەهێنم «ڕاستی و ڕەوایی» ببنە قوربانی چونکە پەژارەییی بیستوپێنج سەدەی کورد دە ئەوەندی ئەو ڕاستی و ڕەواییانەیە کە دەشێ بۆی بکرێن بە قوربانی.

ساڵی 1970 یاسای دامەزراندنی «کۆڕی زانیاری کورد» دەرکرا و تێیدا بووم بە ئەندامی کارا. لە 1971 وێڕای ئەو ئەندامەتییە بووشم بە ئەندامی تەرخان (متفرغ) و پێوەندیم بە مەجلیس خزمەتەوە نەما. دواتر بووشم بە جێگری یەکەمی سەرەکی کۆڕ. لە ناوەڕاستی 1975 ڕا تا ناوەڕاستی 1978 وەکیلی سەرۆکیش بووم. لە 1978-11-06 تەقاعود کرام.

بەرهەمی چاپکراوم دوو جۆرە. بەشێکی بەرهەستی لە شێوەی گوتاری هەمەجۆرە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبیدا بڵاو بۆتەوە کە نائیب بووم. جگە لە گوتاری سیاسی، ڕیزە گوتارێکی ڕامیاری - ئابووری تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە.

ماوەی مانەوەم لە کۆڕ ئەم کتێبانەم دەرچوون:

1- سێ بەش لە کتێبی حاجی قادری کۆیی. بە هەویا بووم، هەر نەبێ، پێنج بەش و شەرحی دیوانەکەی بنووسم، بەڵام قەدەر دەستی گرتم.

2- چەپکێک لە گوڵزاری نالی.

3- چەند حەشارگەیەک لە ڕێزمانی کوردیدا.

4- إعاده التوازن إلى ميزان مختل.

5- بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی.

6- کتێبێکی دیکەی سەر بە ڕێزمان - ناویم لە بیر نەماوە.

جگە لەمانە چەندین گوتارم لە گۆڤاری کۆڕ بڵاو بوونەوە، لە ئەدەب و نووسین و دەنگسازی دەدوێن. دەشێن ببن بە کتێب. لە جەریدەی «العراق» و گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» و «کاروان»ـیش ڕیزەگوتار و گوتارم بڵاو بوونەتەوە، بە بەریانەوە هەیە لە چەند بەرگێکدا بارست ببنەوە.

نووسینی چاپنەکراوم هەن بەڵام زۆر نین. باسێکی فکری و زنجیرەیەک ڕەخنەی ڕامیاریم لە پەنجاکاندا نووسیبوو، هێندێکیان لای خۆم نەماون، هێندێکیشیان بە بزربوونی یەکدوو لاپەڕەیانەوە سەریان ناوەتەوە. دوو نووسینی کورتیلەم هەن: یەکیانم لە «عمان»ی ئوردون، ساڵی 1978 نووسیبوو، بەسەر بیروڕای مێژووەوانێکی ئوردونیدا دێتەوە. ئەگەر بۆم تەواو بکرێ دەشێ وەک سپیارە بڵاو بکرێتەوە. ئەوی دیکەشیان هەوڵدانێکە لە منەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ بیروباوەڕی سەر بە ڕامیاری و مێژوو و ئابوورییەوە، بەپێی بۆچوونی خۆم یارمەتیی کەسێک دەدات لە ڕاستییان ورد ببێتەوە. گوتارێکم لە «کاروان» و ئاڵقەی سێیەمی «گەشتی ژیانم» لە «ڕۆشنبیری نوێ» هەن، جارێ بڵاو نەبوونەتەوە. ئەگەر بۆم بلوێ بەر لە هەموو شتێک بە پانایی و درێژایی و قووڵاییی «التفسير البشري للتأريخ»ـدا دێم و دەچم. زنجیرەی «گەشتی ژیانم» ئاڵقەبەند دەکەم. «حاجی قادر...» بە پایان دەگەیەنم. خوێندنەوەیەکی زمانی کوردی لەبەر تیشکی ئاڤێستادا دەکەم. باوکم و بەرهەمەکانی بە کوردەواری دەناسێنم. چەند جوامێرێکی فەرامۆشکراو دە بیران دەهێنمەوە و... و... و...

دوایین کتێبێکی خوێندبێتمەوە؟ من لە یەک پشوودا، بە سرە، چەند باسێک دەخوێنمەوە؛ تازە لە کتێبی «مشكلة الموصل» و دووبارە خوێندنەوەی «جمهورية مهاباد» بوومەتەوە. ئێستاکە، بە نۆرە، سەرەتاتکە لەم کتێبانە دەکەم: «النفس اليماني»، دوو کتێبی ئینگلیزی لەسەر فۆنەتیک، الحسين في نهضته، دوو کتێبی چیرۆک بە دیاری بۆم هاتبوون لە مامۆستا هەردی و مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، پەڕ و دوو پەڕی دیوانی شیعر و گۆڤاری بازاڕی... ناوناوەش بەو نووسینەمدا دێم و دەچم کە لە مەرگی مامۆستا سەجادیم بڵاو کردەوە.

حەز و ئاواتم؟ لە لایەن حەزەوە لە سنووری دەسەڵاتی بەرتەسکی خۆمدا دڵم بۆ هەر مومکینێک بچێت لێی ناسەنگرێمەوە. لە لایەن ئاواتیشەوە، خولیای شەووڕۆژم سەلامەتیی کوردە... لەوەشدا نیازخاوێنی و ڕوونبینی و واقیعیەت و پەرۆش قەڵغانی سەلامەتین. دڵگەرمی و پەرگیری و خەیاڵبازی و دووبەرەکی و شەڕە ئایدیۆلۆجی دوژمنی بابکوشتەی کورد و کوردستانن.. خوا لە ناویان ببات.

هاوکاری، 1985، ژ 790، لاپەڕەی 7 و پاشماوە 11

نووسینەوە: زیاد ئەسعەد

# ئەم چاوپێکەوتنە



مامۆستا مسعود محمد

**کمال شیرگەر ئامادەی کردوە**

**بەڕێزت کێیە ..؟**

من تاکێکم لە بنەماڵـــەی جەلی زادەی کۆیێ لە من بـــەپێشەوە ئەم چەند پشـــتە جەلی زادە بوون . باوکـــم محمد (مەلای گەورە) کوڕی حاجی مەلا عەبدولـــلای هاوڕێی حاجی قادر کـــوڕی حاجی مەلا ئەسعەد کـــوڕی حاجی مەلا عەبدوللای (واثق باللە) کوڕی مەلا عەبـــدو ڕەحمانی کاکی جەلی (دەوری ١٢١٠ك لەسەر داخـــوازی عەبدوڕەحمان پاشای بـــابـــان هاتۆتە کۆیێ) کوڕی مـــەلاعەبدوللای کاکی جەلی .

ئەمەیان بێ ناگوترێ جەلی زادە چونکەی زادەی (جەلی) نەبوە ، لە شیواشانی سەر بە قەزای ڕانیە هاتۆتە دینـــاو گوێستوویەتیەوە بۆ جەلی .

سەرەتای ژیانم لە ئەیلوولی ساڵی ١٩١٩ دەست پـــێ دەکات لە ١٩٢٦ دەستم کرد بە خوێندن لە فێرگـــەی سەرەتایی کۆیێ ، دوای پلەی خوێندنی ســـــەرەتایی‌و سانەویم دوو جاران لە بـــەر هۆی جودا خوێندنم پچـڕاو بە تێکرایی چوار ساڵم بـــە خۆڕایی دۆڕاند ، لـــە ١٩٤٥ شەهادەی حقوقم وەرگـــرت بۆم ئەلوا خوێندن لە دەرەوە تەواو بکەم .

بێ ئەوەی بتوانم لێـــرەدا درێژە بە قـــەم بدەم ئەوەندە دەڵێم من تا ئێستاکەش بـــە اصطلاح خۆم نەدۆزیوەتەوە: خوولیام بەسەر هەمـــــوو جیهاندا بڵاوەو ئۆقرە بـــە جۆرێك‌و دوو جۆرو دەجۆری ڕۆشنبیری‌و خەریکییـــەوە ناگرم .

تاکە خوولیایەکی بـــــە درێژایی تەمەنی هۆشـــــس کرانەوەم . بێ گۆڕان‌و کەم‌و کووڕی لەگەڵمـــدا ژیا بێ ، هەستی قەومایەتی بووە .

پیرو باوەڕم لە ئاســـت ڕاستیە بنجی‌و زلەکانـــــی جیهاندا هەر چۆنێك‌بوو بێت، چالاکی‌ی مادی‌و هۆشـــەکیم بۆ کوردایەتی بووە تەنها لـــــە کوردایەتـــی ڕێ دەدەم‌و بەوەدا دەهێنم (ڕاســــتی‌و ڕەوایی) ببنە قوربانی چونکە پەژارەیی‌ی ٢٥ صەدەی کورد دە ئەوەندی ئەو راســـتی‌و ڕەوایانەیە کە دەشێ بـــۆی بکرێن بە قوربانی .

١٩٧٠ یاسای دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد دەرکرا وتێیدا بووم بە ئەندامی کارا. لە ١٩٧١ وێڕای ئەو ئەندامە تیبە بووشم بە ئەندامـــــی تەرخان (متفرغ)و پێوەندیـــم بە مەجلیس خزمەتەوە نەما. دواتر بووشم بـــــە جێگری یەکەمی سەرەکی کۆڕ . لـــە ناوەڕاستی ١٩٧٥ڕا تـــــا ناوەڕاستی ١٩٧٨ وەکیلـــی سەرۆکیش بووم لە ١١–٦– ١٩٧٨ تەقاعود کرام .

بەرهەمی چاپ کراوم دوو جۆرە . بەشێکی بەرهەمـــی لە شێوەی گوتاری همـــــە جۆرە لە گۆڤارو ڕۆژنامـــەی کوردی‌و عەرەبیدا بـــــلاو بۆتەوە کە نائیب بووم جگـــە لە گوتاری سیاسی . ڕیـــزە گوتارێکی رامیاری ــ ئابووری تا ئێستا بلاو نەکراوەتەوە .

ماوەی مانەوەم لە کۆڕ ئەم کتێبا ئەم دەرچوون :

١ ــ سێ بەش لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی). یـــــە هەویا بووم ، هەر نەبـــێ ، پێنج بەش‌و شــــــەرحی دیوانەکەی بنووسم ، بـــەلام ئەدەر دەستی گرتم .

٢ ــ (چەپکێك لـــــە دان گولزاری نالی) .

٣ ــ (چەند حەشارگەیەك لە ڕێزمانی کوردی‌دا) .

٤ ــ اعادە التـــوازن الی میزان مختل .

٥ ــ بەرەو راســـــتە شەقامی ئاخاوتنی کوردی .

٦ ــ کتێبێکی دیکەی سەر بە رێزمان ــ ناویم لە بیـــر نەماوە .

جگە لەمانە چەندین گوتارم لـــە گۆڤاری کۆڕ بلاوبوونەوە لـــە ئـــەدەب‌و نووســـین‌و دەنگسازی دەدوێن ، دەشێن ببن بە کتێب لە جەریـــدەی (العراق)و گۆڤـــــاری (ڕۆشنبیری نــــــوێ)و (کاروان)یش ریزە گوتـــارو گـــوتـــارم بلاوبوونەتەوە بەبەریانەوە هەیە لە چـــەنـــد بەرگێکدا بارست بدەنەوە .

نووسینی چاپ نەکـــراوم هەن بەڵام زۆر نین . باسێکی فکری‌و زنجیرەیەك ڕەخنـــەی ڕامیاریم لە پەنجاکانـــــــدا نووسیبوو ، هێندێکیان لای خۆم نەماون ، هێندێکیشیان بە بزربوونی پـــــەك دوو لاپەڕەیانەوە سەریان ناوەتەوە ..دوو نووسینی کورتیلـــەم هەن : یەکیانم لە (عمـــان)ی ئـــوردون ، ســـالی ١٩٧٨ نووسی‌بو بەســـەر بیـــرووڕای مێژووەوانێکی ئوردونیـــــدا دێتەوە ، ئەگەر بۆم تەواو-بکرێ دەشێ وەك ســـیپارە بلاوبکرێتەوە ئەوی دیکەشیان هەوڵدانێکە لەمنەوە بـــــز

بڕوانە ل ١١

**ئەم ـ پاشماوە**

ڕاست کردنەوەی هەنـــدێ بیروباوەڕی سەر بە ڕامیاری و مێژووو ئابوورییەوە ،بەبێ بۆچوونی خۆم یارمەتـــــی کەسێك دەدات لە ڕاستییان وردبێتەوە گوتارێکم لـــــــە (کاروان)و ئالقەی سێیەمـــی (گەشتی ژیانم) لـــــــــە (ڕۆشنبیری نوێ) هەن جارێ بلاو نەبوونەتەوە ئەگەر بـــۆم بلوێ بەر لە هەموو شتێك بە پانایی‌و درێژایی‌و قوولایـــی (التفسیر البشری للتاریخ)دا دێم‌و دەچم .. زنجیـــرەی (گەشتی ژیانم) ئالقەبەنـــد دەکەم .. (حاجی قادر ..) بەپایان دەگەیەنم .. خوێندـ نەوەیەکی زمانی کوردی لەبەر تیشکی ئافێستادا دەکەم .. باوکم‌و بەرهەمەکانی بـــــە کوردەواری دەناسێنم .چەند جوامێرێکـــــی فەرامـــۆش .کراو دەبیران دەهێنمـــــەوە ..و..و..

دوایین کتێبێکی خوێنـــد-بێتمەوە ؟ من لە یەك پشوودا ،بەسرە ، چەنـــد باســـێك دەخوێنمەوە تازە لە کتێبـــی (مشکلە الموصل)و دووبـــارە خوێندنەوەی (جمهوریـــــە مهاباد) بوومەتەوە. ئیستاکە بە ئۆرە سەرەتاتکە لـــــەم کتێبانە دەکەم : النفـــــس الیمانی دوو کتێبـــــــــی ئینگلیزی لەسەر فۆنەتیك ، الحسین فی نهضـــتە ، دوو کتێبی چیرۆك بەدیاری بـــۆم هاتبوون لە مامۆستا هەردی و مامۆستا مستەفا صالح کریم ،

پەڕو دووپەڕی دیوانـــی شیعرو گۆڤاری بازاری ... ناوناوەش بەو نووســـینەمدا دێم‌و دەچم کە لە مەرگـــی مامۆستا سەجادیم بـــــلاو کردەوە .

حەزو ئاواتم ؟ لەلایـــەنـ حەزەوە لە ســـــــنووزی دەسەلاتی بەرتەسکی خۆمدا دلم بۆ هەر مومکینێك بچێت لێی ناسەنگرێمەوە . لە لایەن ئاواتیشەوە ، خوولیای شەو ڕۆژم ســـەلامەتی‌ی کـــوردە لەوەشدا نیاز خاوێنی‌و ڕوون بینی‌و واقیعیەت‌و بـــەرۆش قەلغانی سەلامەتین دلگەرمی‌و پەڕگیری‌و خەیالبـــــازی‌و دووبەرەکی‌و شــــــەڕە ئایدیۆلۆجی دوژمنی بابکـــو-شتەی کوردو کوردستانن خۆ لەناویان بپات .